# بارودۆخی دژواری حەماسو رژێمی ئیسلامی دوای تەقینەوەکەی تێلاویو!

**ئیبراهیم بەرزگەر**

ئەنجامی کردەوە تێرۆریستیەکەی تێلاویو کە کوژرانو برینداربوونی چەندین کەسی لێکەوتەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە حکومەتی فەلەستینی ژێر دەسەڵاتی حەماسو رژێمی ئێران لەگەڵ بارودۆخێکی دژوار بەرەو روو ببنەوە.

رۆژی دووشەممە، رۆژێك دوای سێهەمین کۆنفرانسی نێونەتەوەیی پشتیوانی لە خەڵکی فەلەستین کە لە تاران بەرێوە چوو، تەقینەوەکەی تێلاویو روویداو گروپی جیهادی ئیسلامی کە لە هاوپەیمانانی نزیکی رژێمی ئیسلامیە بەپرسایەیتی ئەم تەقینەوەیەی وەئەستۆ گرتووە.

ئەم دوو خاڵەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە حکومەتی ئیسرائیلو هاوپەیمانەکانی حکومەتەکەی ئەحمەدی نژاد بە هۆکارو پاڵپشتی سەرەکی کردەوەی تێرۆریستیەکەی شاری تێلاویو بزانن.

سەرەڕای ئەوەی کە ئەحمەدی نژادو دەسەڵاتدارانی تری کۆماری ئیسلامی لە کۆنفرانسی پشتیوانی لە خەڵکی فەلەستین وەکوو رابردوو هەڵوێستی توندرەوانەیان دژی حکومەتی ئیسرائیل گرت، هەروەها بەشداریکردنی "رەمەزان عەبدوللا شەلاح" سکرتێری گشتی جیهادی ئیسلامی فەلەستینیش لەم کۆنفرانسەداو پێداگری ناوبراو بۆ بەرەنگاربوونەوە بەرانبەر بە ئیسرائیل، دەتوانێت ئەم گومانە بە هێز بکات کە رژیمی ئیسلامی لەم تەقینەوەیەدا دەستی هەبووە. هەرچەند پێدەچێت دەسەڵاتدارانی حکومەتی ئێران گوێ بە تۆمەتبار کردنیان لە رووداوی رۆژی دووشەممەی تێلاویو نەدەنو تەنانەت ئەو کردەوە تێرۆریستیەش بە بەشێك لە توانایی گرووپە فەلەستینیەکان بە دژی حکومەتی ئیسرائیل ناوەزەد بکەن، بەڵام ئەم تەقینەوەیە، حکومەتی فەلەستینی ژێر دەسەڵاتی حەماس لە بارودۆخێکی دژواردا دادەنێت.

چونکە ئەمریکاو ئورووپا یارمەتیەماڵیەکانیان بە حکومەتی فەلەستین راگرتووەو هەروەها زۆربەی وڵاتەکانیش پێوەندی دیپلۆماتیکیان لەگەڵ ئەم حکومەتە نەماوە، هەربۆیە حکومەتی فەلەستینی ژێر دەسەلاتی حەماس تووشی قەیرانی ئابووریو سیاسیی بووە. بەو پێیەش کردەوە تێرۆریستیەکەی رۆژی دووشەممە دەتوانێت پەرە بە قەیرانە ئابووریو سیاسیەکانی حکومەتی فەلەستین بدات.

پێشتر کە حکومەتی فەلەستین لە ژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەی فەتح دابوو هەر جۆرە کردەوەیەکی چەکدارانە دژی حکومەتی ئیسرائیل مەحکوم دەکرا. بەڵام بزووتنەوەی حەماس بە هۆی مێتۆدی تایبەتی خۆی ناتوانێت تەنانەت بە شێوەی رواڵەتیش ئەم کردەوە تێرۆریستیە مەحکوم بکات، هەر بۆیە لە ئاستی جیهانیدا حکومەتەکەی "ئیسماعیل هانیە" بەوە تاوانبار دەکرێت کە پشتیوانی تێرۆریزمەو ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە گۆشارەکان دژی حەماس پەرە بستێنێ.

هەرچەند ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە ژمارەیەك لە ئەندامانی حەماس بە ئاشکرا پشتیوانی لە کردەوە تێرۆریستیەکەی تێلاویو بکەن، بەڵام پێناچێت رێبەرانی پایەبەرزی حەماس بەم چەشنە هەڵوێست بگرن. لەگەڵ ئەوەی کە رەنگە رێبەرانی حەماس سیاسەتی بێ دەنگی یان هەڵوێستی تەمو مژاویو نائاشکرا سەبارەت بەم تەقینەوەیە بگرنە بەر، بەڵام بە دوور دەزانرێت گوشارە نێونەتەوەییەکان بۆ حکومەتی ژێر دەسەڵاتی ئەم گرووپە کەم بێتەوە. لە لایەکی ترەوە رێبەرانی حەماس لەگەڵ ئەوەی کە رەنگە لە مەحکوم کردنی ئەم کردەوە تێرۆریستیە، خۆیان ببوێرن، بەڵام پێدەچێت بەرانبەر بەم کردەوەیەی جیهادی ئیسلامی هەڵوێستی توندو تیژ بگرن.

هەرچەند دوای ئەوەی حەماس دەسەڵاتی فەلەستینی بە دەستەوە گرت، هەوڵی داوە سەرەرای هەموو هەڵوێستە توندو تیژەکانی دژی ئیسرائیل بارودۆخی فەلەستین کۆنترۆل بکاتو لە بەرەو روو بوونەوەی سەربازی لەگەڵ ئیسرائیل خۆی دوورە پەرێز رابگرێت، بەڵام جیهادی ئیسلامی بە کردەوە ئەم بەرنامەیەی حەماسی هەڵوەشاندەوەو وای کرد کە حکومەتی ئیسرائیل دژی فەلەستین زیاتر هان بدرێتو لە ئاستی نێونەتەوەیشدا ئیسرائیل لە هەلو مەرجێکی گونجاوتر دابێت.

بە سەرنج دان بەوەی کە هەر دوو گرووپی حەماس‌و جیهادی ئیسلامی بۆ ئەوەی پەرە بە نفوزی خۆیان لە ناو کۆمەڵگای فەلەستین بدەن پێکەوە کێبەرکێ دەکەن، هەربۆیە پێدەچێت کردەوەی تێرۆریستی تێلاویو سەرەتایەك بێت بۆ ئەوەی ناکۆکییەکانی ئەم دوو بزووتنەوەیە بە شێوەیەکی بەرچاو پەرە بستێنێ.

بەڵام پەرەسەندنی ناکۆکی ئەم دوو لایەنە سیاسیە بە شێوەیەکی سەرەکی بە هەڵوێستی ئیسرائیل بەرانبەر بە تەقینەوەکەی تێلاویو پێوەندی هەیە. ئەگەر بێتوو حکومەتی ئیسرائیل بە هێرشی قورس بۆ سەر فەلەستینیەکان بیەوێت تۆڵەی خۆی بکاتەوە، پێدەچێت بۆ ماوەیەکی کاتی گرووپە ئیسلامییەکانی فەلەستین بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڵویستی توندی ئیسرائیل پێکەوە هاودەنگ بن.

سەرچاوە: بی بی سی